# مۆدێلی سێ هەرێمی فێدرالی: کاردانەوە و درێژەی ناتەباییەکان

**شاخەوان شۆڕش**

12.10.2007




ئەو نەخشەیە پەیوەندی بە پلانی پەسندکراوی سیناتی ئەمەریکاوە نییە

سیناتی ئەمەریکا لە 27ی سەپتەمبەری 2007 دا بە پشتگیری 73 دەنگ دژ بە 23 دەنگ، مۆدێلی سێ هەرێمی فیدرالی لە ئیراقدا پەسند کرد. شایانی گوتنە پەسندکردنی ئەم مۆدێلە لە لایەن سیناتەوە نابێتە بڕیار بەسەر بەڕێوەبەریی بوش و هەروەها ناتوانێ گوشاری قانونی لەسەر بوش بۆ گۆڕینی ستراتیژی تائێستای دروست بکات. دیارە بوش، ناتەبایی خۆی لەگەڵ ئەو ڕاسپاردەیەی سینات ڕاگەیاند و لەگەڵ دابەشکردنی ئێراقدا نییە.

پلانەکە لە لایەن سنیاتۆری دیموکرات جۆزیف بایدن Joseph Biden و شارەزای پۆلیتیکی دەرەوە لەسەردەمی کارتەردا لەسلی گێلب Leslie Gelb ئامادەکراوە و پێشکەشکراوە. پلانەکە وەکو هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنی ئێراق لە دارمان دراوە و بە مەبەستی، یەکەم: دابەشکردنی ئێراق بەسەر سێ هەرێمی فیدرالی کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە. دووەم: حکومەتێکی فیدرال کە هەموو لایەنە نەتەوەیی و ئەتنیەکان بگرێتەخۆی لە بەغدا، کە پاراستنی سنور و داهاتی نەوت دەگرێتە ئەستۆ. سێیەم: بڕینەوەی بەشێکی داهاتی نەوت بۆ عەرەبی سوننە بە مەبەستی نەهێشتنی شەڕی مەزهەبی. چوارەم: بەهێزکردنی یارمەتییەکانی دروستکردنەوە و سوککردنی قەرز لەسەر ئێراق. پێنجەم: هەوڵێکی نێونەتەوەیی بۆ بەدەستهێنانی پەسندکردنی ئەو مۆدێلە فیدرالییە لە لایەن دراوسێکانی ئێراق و زلهێزەکانی جیهاندا. ئەوە بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەسەر ئەو بابەتە بڵاوکراونەتەوە.[i]

لەو مۆدێلەدا وردەکاریەکان روون نین، وردەکاری سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنەکە نەدراوە، گوتنەکان ئاماژە بە مۆدێلێک دەکەن کە بڕێکی زۆر دەسەلات دەداتە هەرێمە فیدرالەکان. سەبارەت بە شارە تێکەڵەکان و چۆنیەتی چارەسەریان هیچ وردەکاریەک بلاونەکراوەتەوە ئەگەر هەبووبێت. سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکانی باشوری کوردستان شتێ نەگوتراوە. سەبارەت بە کێشەی کەرکوک هیچ ڕوونکردنەوە و وردەکاریەک بلاونەکراوەتەوە ئەگەر هەبووبێت. بۆیە نازاندرێت چ چارەسەرێک بۆ کێشەی کەرکوک پێشنیارکراوە یا ئایا کەرکوک دەچیتە ناو سنوری هەرێمی کوردستان یان نا.

ڕەخنەکان کە ئاراستەی ئەو پلانە کراون لە ئاستی ئەمەریکا و جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕەخنانەن کە پێشتر سەبارەت بە دابەشکردنی ئێراق هەبووین، وەکو: ئەوە ڕێگا بۆ دابەشکردنی یەکجاریی ئێراق خۆش دەکات. ئەو پلانە ئاژاوەی زیاتر و نائارامی زیاتر دروست دەکات. دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تاوانی وەکو پاکتاوی ڕەگەزی. نائارامی لە ناوچەکە بەگشتی دروست دەکات. دەبێتەهۆی ئەوەی ولاتانی دراوسێ لە دژی ئەو پلانە کار بکەن و زیان بە ئاسایشی ئێراق بگەیەنن.

لە ئاستی ناوچەکەدا وەکو هەمیشە دژایەتی زۆری هەر پلانێکی لەو شێوەیە هەیە، ڕۆژئاوا بە تێکدەر و دەستێوەردەر تاوانبار دەکرێت. هەروەکو وڵاتانی کۆمەڵەی عەرەبی دژی ئەو دابەشکردنە فیدرالییە وەستاوەتەوە و وەکو پلانی وێرانکردنی ئێراق سەیری دەکات. دیارە کاردانەوەی توندتر لە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان پێشبینی دەکرێت.[ii]

لە ئاستی ناوخۆیی ئێراقدا، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری لەم مۆدێلە دەکات و وەکو چارەسەری گونجاو سەیری دەکات (واپێدەچێ پ.د.ک زیاتر لەگەڵ ئەو پلانە فیدرالیەیە)، پێیوایە ئەو پلانە فیدرالییە نابێتەهۆی دابەشکردنی ئێراق بەڵکو داڕشتنەوەی ستاتی ئێراقە لەسەر بنەمای فیدرالی. هەروەها پێیوایە ئەو یەکگرتنە خۆویستە، باشترین ڕێگاچارەیە بۆ یەکپارچەیی و گەرەنتی یەکگرتوویی ئێراق دەکات.[iii]
وەکو پێشتر بیستراوە و بیندراوە ئەگەر هەموو نەبێ زۆرینەی رەهای عەرەبە سوننەکان دژی سیستەمی فیدرالی و دەسەلاتی هەرێمەکانن. لایەنی عەربی سوننە بەتایبەتی زۆر دژی پلان و هەنگاوەکانی ئەمەریکان، بۆیە ڕەتکردنەوەی ئەو مۆدێلە فیدرالییە بەتووندی شتێکی سەیر نییە. هەروەکو کۆمەلەی شارەزایانی موسوڵمانی سوننە بەتووندی دژی وەستاوەتەوە و پێیوایە هەرکەسێک پشتگیری ئەو پلانە بکات ناپاکی لە نەتەوە و بروا دەکات. پێیوایە ئەو پلانە شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە ئەوە یەکێ لە مەبەستە بنچینەییەکانی داگیرکردنی ئێراقە لە لایەن ئەمەریکاوە.[iv]
بەشێکی دیاری عەرەبە شیعەکان ئەوانەی سەر بە گروپی موقتەدا سەدرن و خاوەنی پشتگیرین لە بەغدا و شوێنە شیعەنشینەکانی تر دژی سیستەمی فیدرالی و هەنگاوەکانی ئەمەریکان. ئەوانە لەگەڵ سوننەکان و هەندێ گروپی تر هەر لەسەرەتای هاتنی ئەمەریکاوە دژی بوونی هێزەکانی ئەمەریکان لە ئێراقدا. ئەو هەڵوێستەی ئێستا زۆرینەی عەرەبەکانی ئێراق پشتگیری دەکەن.
نوری مالیکی کە سەر بە باڵێکی بەهێزی عەرەبە شیعەکانە و سەرۆکی مینستەری ئێراقە، وەکو لایەنگرێکی سیستەمی فیدرالی پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، دژی ئەو پلانە فیدرالییەیە و پێیوایە ئەو پلانە کارەساتە بۆ ئێراق و ناوچەکە. هەروەها داوا لە ئەمەریکاییەکان دەکات لە جیاتی پێشنیاری دابەشکردن پێویستە پێشنیاری بەهێزکردنی سەروەری و یەکگرتوویی ئێراق بکەن.[v]

پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق کە دیموکراتیزەکردنی ئێراقیشی پێدەگوترێت، لەسەر بنچینەی ئەو تیۆرییە پێکهات کە کێشەی گروپ و نەتەوەکانی ناو ئێراق: نارەوایی دابەشکردنی دەسەلاتە، ناڕەوایی دابەشکردنی سامانە، پەراوێزکردنی هەندێ گروپە، کەمە نەتەوەکانە، جوداکارییە، نارەوایی ئابوری و کۆمەڵایەتییە، بۆیە بە بەدیهێنانی بەشداریی هەموو گروپەکان لە دەسەڵاتدا، نەهێشتنی نارەوایی و جوداکاریەکان ئەو کێشانە چارەسەر دەکرێن، بەمجۆرە ئەگەری سەرکەوتنی پلانی دروستکردنەوەی ئێراق وەکو ستاتێکی خاوەن ناسنامەیەکی گونجاو زۆرە.
لە لایەکیتر دەبێ ئەوە بگوترێت کەوا هاتنی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بۆ ئێراق پەیوەندی توندوتۆڵی بە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ئەو وڵاتانەوە هەیە، بۆیە ئەو دروستکردنەوەیە بەو شێوەیەی ئاماژەی بۆکرا پەیوەستدارە بە پارستنی ئەو بەرژەوەندییە.
دیارە ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان بۆ کرا هەمووی هەبوون و بەشێکی فاکتەرەکانی کێشەی ناو ئێراق بوون، بەلام گەلێ فاکتەری دیکە لەگەڵ ئەو فاکتەرانە بەدرێژایی بوونی تەمەنی ئێراق هۆکاریی بنچینەیی کێشەکانن. ئەو چارەسەرە لەسەرەتاوە نەیویست بەرەورووی فاکتەرە گرنگەکانی دیکە ببێتەوە، فاکتەری وەکو: نارەوایی مێژوویی، جودایی نەتەوە و ئاواتی ڕامیاری ئەو نەتەوانە لەیەکتر، جودایی جوگرافیا و دیمۆگرافیا، پاشماوەی کۆلۆنیالیزم و درێژەی کۆلۆنیالیزم سەبارەت بە نەتەوەی کوردی خاکداگیرکراو هتد.. چارەسەرکە لەسەر بنچینەی بەجۆرێ لە جۆرەکان نکۆڵی لەو فاکتەرانە و میتۆدی سەپاندن هەنگاوی سەرەتای خۆی نا. سەپاندنی جۆرە چارەسەرێک بەسەر نەتەوە و گروپەکان ڕەتکردنەوەی هەموو یا بەشێکی ویست و ئارەزووی بنچینەیی ئەوانە. ئەوەش شەلکردنی ئەو بنەمایەیە کە بۆ چارەسەر و بوونی ئاشتی درێژخایەن گرنگە.
لەبیرمان نەچێت ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی لەسەر بنچینەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ نەهاتنە ئێراق دیکتاتۆرێک لابدەن و سیستەمێکی دیموکراسی لە شوێنیدا دابمەزرێنن. هاتنی ئەوان بە بیانوویەکی تر بووە کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوایەتی ئەوانەوە هەبووە و لە ژێر ناوی جەنگی دژی تیرۆر ڕێدەکات. بەشێکی گرنگی وەلامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی ئەوان لەگەڵ ئازادی تەواوی بۆنمونە گەلی کورد نین و سنوری بۆ دادەنێن، بۆچی میتۆدی سەپاندن بەکار دەهێنن دەکرێ لەو روانگەیەوە قوولبکرێتەوە.

بەهۆی نامۆیی ئامانجەکانی ئەمەریکا لەگەڵ خواستەکانی نەتەوە و گروپەکاندا، جگە لەکێشە بنچینەییەکان کە تائێستا بێ چارەسەرن، ئێراق تووشی کێشەیەکەی گەورەی دیکە کرا کە کێشەی تیرۆری نێونەتەوەییە. گەورەیی ئەو کێشەیە وایکردووە ڕێگاچارەکەی ئەمەریکا تووشی شەلبوون ببێت و هەوڵ و وزەکان بۆ جەنگی تیرۆر تەرخان بکرێن. ئێستا لای ئەمەریکا و هاوپەیمانانی ئەمەریکا لە ئێراق و دەرەوەی ئێراق مسۆگەرکردنی ئاسایش گرنگترین و لەپێشترین ئامانجە، بەجۆرێک دیموکراتیزەکردن لەدوای ئەو ئامانجەوە دێن، ئەوەش مەترسی لەسەر دیموکراتیزەکردن بە گونجاوی هەیە و هەڕەشەی نەمانی پرۆژەیەکی لەمشێوەیە دەکات. هەوڵی سەرخستنی پرۆژەی دروستکردنەوەی ئێراق بەو شێوەیەی ئێستای کە بانگاشەی ئازادی و دیموکراسی بۆ گروپە ئەتنی و نەتەوەییەکان دەکات، لە لایەک دەکرێ رەوایەتیەکی نێونەتەوەیی بەدەست بهێنێت، لە لایەکیتر دەکرێ هەنگاوێک بێت بۆ گۆڕانی زیاتر لە ناوچەکەدا. ئەمەریکا دەزانێ ئەو پلانە دەکرێ ئەو چارەسەرەبێ کە بتوانێ ئێراق بەشێوەیەکی سەردەمیانە بەیەکەوە بهێڵێتەوە. وەکو گوترا ئەمەریکا ئەو چارەسەرەی بۆ کێشەکانی ناو ئێراق لاگونجاو بووە، ئەو چارەسەرەش کە نایەوێ دەستکاری سنور بکات و بەڵانسی دەسەڵاتی ناوچەیی بگۆڕێت، واتە باری ستاتوس کۆ دەپارێزێت، لە ئاستی پۆلیتیکی نێوستاتەکاندا هەرمێنی تائێستا بەدیاریی هەیە. بەکورتی ڕێکراگری ئاسیشی ناوچەکە، پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا و زلهێزەکانی دیکە قورسایی بنچینەییان لە پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراقدا هەیە.

هەوڵەکانی پێکهێنانەوە و داڕشتنەوەی ستاتی ئێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، بەهۆی سەرهەڵدان و تەقینەوەی فاکتەری بنچینەیی کێشەکان، کاری بەردەوامی تیرۆر وەکو سەرباری ئەو کێشانە، تووشی گێژاو هات و ماوەیەکە لە تەنگژەیەکی کوشندە دایە. کوژرانی زیاتر لە سەد تا سێسەد هەزار کەس لە خەڵکی سڤیل و ناسڤیل ئاماژە بە سەرکەوتن ناکەن، بەڵکو ئاماژە بە سکەندال و کارەسات دەکەن.
دروستکردنەوەی کارەساتئامیز و کاری تیرۆریستی ڕۆژانە، کوشتاری ئایینی و نەتەوەیی لەچەندین بەرەدا، بنبەستبوونی ڕێگاچارە لەسەر خاڵە گرنگەکاندا، گەندەڵی و نائۆرگانیزەیی دامەزراوە دروستکراوەکان، بەکورتی بوونی کێشە لە هەموو ئاست و بوارەکاندا وای کردووە پەنا بۆ ڕێگاچارەی جیاواز ببردرێت.
ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی بیکەر–هامیلتۆن بە مەنتالێکی ریالیستانە و کلاسیک دارشترابوو، لەگەڵ بەهێزکردنی سەنترال، بەهێزکردنی عەرەبە سوننەکان دابوو و ڕەچاوی بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێی ئێراقی کردبوو. بوش تارادەیەکی زۆر بەلای ئەو چارەسەدا لارە و هەوڵی جێبەجێکردنی گەلێ خاڵی داوە، بۆنمونە چۆنیەتی دابەشکردنی سامانی سروشتی، بەهێزکردنەوەی عەرەبی سوننە و هێنانەوەی بەعسیەکان بۆ دەسەڵات، هەوڵی دواخستنی گشتپرسی لەسەر کێشەی کەرکوک هتد.. درێژەی کێشەکان وایکردووە دەرگای ڕێگاچارەسەرەکانی دیکە کراوە بن. ماوەیەک بەر لە ئێستا لە سەرەتای سەپتەمبەری 2007 دا لە هێلسنکی پایتەختی فینلاند لەژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی "سەرپەرشتی دەستپێشکەریی تەنگژە" CMI کە لە لایەن سەرۆکی پێشووی فینلاند مارتی ئارتزاریدا Martti Ahtisaari (کە رۆلی گرنگی لە پێشنیاری چارەسەری کێشەی نامیبیا، ئاکێ، کۆسۆڤۆدا بینیووە) بەڕێوەدەچێت، نوێنەر و بەرپرسانی 16 گروپی ئێراقی کۆبوونەوە، هەوڵێکی نهێنی درا کە چارەسەرێکی لەشێوەی ئەفریکای خواروو یا ئێرلاندی سەروو بۆ ئێراق بدۆزریتەوە. بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەسەر چارەسەرێکی لە شێوەی ئەو مۆدێلانە دوان و مشتومڕ بووە، بەچی ئەنجامێک گەیشتن ڕانەگەیەندراوە. بەپێی گوتنی گێفەری دۆنالدسۆن Jeffrey Donaldson پلانەکە کۆمەڵی لەو پرەنسیپانە دەگرێتەخۆی کە چارەسەری کێشەی ئێرلاندی سەروو بنچینەی لەسەر گرتووە.[vi] دیارە چارەسەرێک بنچینە لەسەر ئەو دوو مۆدێلە دابڕێژێت، مەبەستی یەکگرتووهێشتنەوەی ستات و دەستکاری نەکردنی سنورە، هەروەها ئەوها سەیری کێشەکان دەکات کە گروپەکانی ناو ستات هەموویان بۆ بوونی یەک ناسیۆن کار دەکەن، بەڵام کێشەیان لە دۆزینەوەی فۆرمێکی بەیەکەوەژیاندا هەیە. واتە سەیری کێشەی نێوان گروپەکان زیاتر وەکو کێشەی نێوان گروپی ئەتنی دەکرێت و پرسیاری ئەگەری جیابوونەوە لە لایەن گروپێکەوە گرنگی پێنادرێت. ڕەنگە ئەو مۆدێلانە بۆ عەرەبەکان گونجاو بن، بەلام بۆ کورد بە گونجاو نابیندرێن و لە ئاستی داخوازیەکانی گەلی کوردستاندا نین، ئەگەر ڕیالیستانە بڕوانینە داخوازیەکانی گەلی کورد. ئەوەندەی ئاگاداربم بەرپرسانی کورد هیچ ڕوونکردنەوەیەک و هەڵوێستێکیان لەسەر ئەو هەوڵەدا نەبووە.

هەوڵی دابەشکردنی ئێراق بەسەر سێ هەرێمی فیدرالدا وەکو گوترا هەوڵێکی دیکەیە و کاردانەوەی جودا و دژبەیەکی نایەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە سەرنجی بدرێتێ مشتومڕە لەسەر شێوەی فیدرالیی لە لایەن لایەنگرانی سیستەمی فیدرالیەوە.
ئاشکرایە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان ی.ن.ک و پ.د.ک هەمیشە ئامانجیان خۆبەڕێوەبردن لە چوارچێوەی ئێراقدا بووە، ئەوجا چ وەک فۆرمی ئۆتۆنۆمی کە تا ساڵی 1991 پیادەیان کرد، یا فۆرمی فیدرالی کە لە ساڵی 1992 ـەوە پیادەی دەکەن. گفتوگۆیان لەگەڵ هێزە دەرەکیەکان و ناوخۆییەکان واتە لایەنی عەرەبی لەسەر ئەم بنچینەیە بووە. لایەنی عەرەبی بە تایبەتی شیعە بەشێکیان لایەنگریی سیستەمی فیدرالین و هەوڵی پشتگیریان لە ناو عەرەبەکانی ئێراقدا بۆ داوە. واتە لە ناو عەرەبەکانیش لایەنگری فیدرالی هەن. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە لایەنی کوردی و عەرەبی دوو تێروانینی لەیەک جیاوازیان بۆ سیستەمی فیدرالی هەیە، هەر یەکەیان خاوەنی ئامانج و ئاواتی تایبەت بەخۆیەتی. بۆیە چ جۆرە سیستەمێکی فیدرالی پەسند دەکرێت تا ئێستا نەتواندراوە بە ڕوونی دیار بکرێت و لەسەر وردەکاریەکان و جۆری دابەشکردنی دەسەڵات ڕێککەون.
لە دەستورە کاتیەکەدا سیستەمێکی بەناو فیدرالی داڕشترابوو بەڵام لە ڕاستیدا سیستەمەکە فیدرالی نەبوو، چونکە پارلەمانی ناوچەکان لەو سیستەمەدا بوونی نەبوو. لەسەر دابەشکردنی هەرێمەکانیش مۆدێلێک هەڵبژێردرابوو کەوا ڕێگای بۆ دابەشکردنی ئێراق بەسەر نزیکەی شەش هەرێم یا چەند هەرێم و بەڕێوەبەریی سەربەخۆ خۆش دەکرد، ئەوەش لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو ئێراق ناڕیالیستانە بوو. لە دەستورە هەمیشەیەکەدا ئەوجارەیان سیستەمەکە زیاتر شێوەیەکی فیدرالی پێدرا و تیایدا هەردوو پارلەمانی ناوچە و فیدرال داندران، بەڵام لەبەر بێبڕوایی گروپەکان لەگەڵ یەکتر، ئەنجومەنی ئاسایش وەکو دەزگایەکی دەسەڵات دروستکراوە، بۆیە ئەو سیستەمە پرسیاری بۆ دروستکراوە و وەکو سیستەمێکی فیدرالی گونجاو نابیندرێ، چونکە دەکرێ دەزگایەکی ئەوها ببێتەهۆی شەلکردنی سیستەمە فیدرالیەکە. سەبارەت بە دابەشکردنی ناوچەکان مشتوومر بەردەوامە و دەکرێ ناوچە هەبن بە تەنها بەڕێوەبەریی سەربەخۆ پێک بهێنن، هەروەها ئەگەری دابەشکردن بەسەر چەند ناوچەدا دیسان کراوەیە، بەمجۆرە روون نییە چۆن. لێرەدا نامەوێ لەسەر کێشەکانی دیکەی ئەو فۆرمە پەسندکراوەی دەستور زیاتر بوەستم.
پێشنیاری سێ هەرێمی فیدرال جارێکیتر بوونی ناتەبایی ڕاکشاوی جۆری دابەشکردنەکەی لە نێوان لاینەگرانی فیدرالیەوە خستەوە ڕوو. بەکورتی فیدرالیستەکانی ناو ئێراق دوای چوار ساڵ بەسەر ڕووخانی بەعس تا ئێستا ناتوانن لەسەر جۆرێکی فیدرالی تەبابن، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەوان هەر لەسەرەتاوە نەیانتوانیووە لەسەر هیچ جۆرە فۆرمێکی فیدرالی ڕێککەون بەشێوەیەک کە بەڕوونی دابەشکردنی هەرێمەکان و دەسەڵات دیار بکات.

دەسەلاتی کوردی وەکو پێشوو خۆی وەکو دڵسۆزی ئێراق و یەکێتی خاکی ئێراق پیشان دەدات، بەمجۆرە وەکو دیارە هەول دەدات تۆمەتی جیاخوازی لەسەر خۆی لابدات، دەڵێ "یەکگرتنەکە ئارەزوومەندانەیە و بوونی سێ هەرێمی فیدرالی دەبێتە پاراستنی یەکێتی خاکی ئێراق". هەروەها دەڵێن "ئەو دابەشکردنە لەسەر بنچینەی نەتەوە و ڕەگەزی نییە بەڵکو لەسەر بنچینەی جوگرافییە". پێویستە وەبیری بێنینەوە یەکگرتنی

ئارەزوومەندانە بوونی نییە و گەلی کوردستان لەم بارەیەوە پرسی پێ نەکراوە. جگەلەوەی گەلی کوردستان دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگوێخرا.

لە پلانەکەی سیناتی ئەمەریکادا ئاماژە بە دابەشکردن لەسەر سێ هەرێم یەک بۆ کورد، یەک بۆ عەرەبی سوننە و یەک بۆ عەرەبی شیعە دەکرێت. لەوێدا بەپێی گوتنەکە هێما بۆ دابەشکردن لەسەر بنچینەی نەتەوە و گروپی ئەتنی کراوە، هیچ ئاماژەیەک بە دابەشکردن لەسەر بنچینەی جوگرافی نەدراوە. دیارە وردەکاریەکان روون نەکراونەتەوە. باشترە لایەنی کوردی لە خۆیەوە لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی دروست نەکات، بەرلەوەی لە ناوەرۆکی پلانەکە و وردەکاریەکان ئاگادار بێت. لایەنی کوردی دەتوانێ خۆی چی بەدڵە وا بدوێت، بەڵام چی لە دەکومێنتەکەدا نوسراوە ئەوە گرنگە و پێویستە ئەو لایەنە وەکو خۆی ناسۆزدارانە سەیری بکرێت. ئەوەش بەدەردی پرسی چارەنوسەکە نەبردرێت باشە، کە لای پ.د.ک و لایەنگرانی وایە ئاماژە بە مافی چارەنوس لە دەستوردا کراوە. لە ڕاستیدا شتێک بە ناوی مافی چارەنوس لە دەستوردا نەنوسراوە، ئەو رستەیەی ئاماژە بە یەکگرتنی ئازاد و ئارەزوومەندانە دەکات، جگەلەوەی مافی چارەنوس دیار ناکات و ناوی نابات، ڕستەیەکە ناتەبایە لەگەڵ ڕووداوەکان و هۆکارەکانی مانەوەی ئێراق بەیەکگرتوویی.

شایانی گوتنە بەڵێندان بە مانەوە لە چوارچێوەی ئێراقدا و هەوڵی سەلماندنی دڵسۆزی بۆ یەکێتی خاکی ئێراق و گەلی عەرەب لە لایەن سەرکردایەتی ی.ن.ک و پ.د.ک تائێستا نەیتوانیووە هەڵوێست و دڕدۆنگی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و لایەنی باڵادەستی عەرەب لە ئێراقدا بەرامبەر بە کورد بگۆڕێت، هەروەکو هەوڵی نیوسەدەی پێشتری ئەو دوو پارتە نەیتوانی پەسندمەندی و دانپێنانی ئەوان بەدەست بهێنێنێت. واتە ئەو پۆلیتیکەی ی.ن.ک و پ.د.ک نەیتوانیوە وا لە لایەنە دژە کوردەکان بگەیەنێت، کەوا کوردەکان مەبەستیان تەنها مافی خۆبەڕێوەبردنە لە ئێراقدا چیتر نا، بۆیە پێویستە لەگەڵ کوردەکان نەرمتر بن و پەسندی ئازادیەکی ناوچەیی بۆ کوردەکان بکەن.  لەگەڵ بوونی ئەو هەوڵەی ئەوان، ئەو لایەنە دژەکوردانە وەکو پێشوو یەکودوو لە تۆمەتبارکردنی هەوڵی جیاخوازی کوردەکان ناکەن و وەکو پێشوو بێبروایی خۆیان بەرامبەر بە نیازپاکی کوردەکان پیشان دەدەن.

گرنگە وەبیری بهێنینەوە، ئەو نیمچە ئازادییەی لە باشوری کوردستاندا هاتووەتەدی، لەبەر پیاوەتی و بەزەیی عەرەبی ئێراقی نییە، هەروەها لەبەر ئەوە نییە کەوا ی.ن.ک و پ.د.ک داوای مافی خۆبەڕێوەبردن دەکەن و جیاخواز نین. ئەوەی روویدا دەرهاویشتەی گۆڕانکاریەکی جیهانی و ناوچەیی بوو. بەکورتی ئەو رەوتەی ئەوان جگەلەوەی تائێستا نەیتوانیووە بە ئامانجیان بگەیەنێت، مەترسی لەسەر پرۆژەکەی خۆشیان واپێدەچێ دروستکردووە، بەجۆرێک دەکرێ ڕێک ببێتەهۆی لەباربردنی هەوڵی ئەوان بۆ دابینکردنی هەرێمێکی فیدرالی کە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان بگرێتەخۆی، هەروەکو خۆیان بە گوتن بانگاشەی بۆ دەکەن. دیارە لە هەر بارێکدا، گەلی کورد لە ئێراقدا بەئەگەری زۆر لە داهاتووی نزیک یا دوور جیادەبێتەوە. ئەوەش تەنها رووداوێکی سروشتیی و ڕیالیستانەیە بۆ گەلێکی خاوەن خاک و بەها نەتەوەییەکان.

هەربۆیە ئەگەر سەرکردایەتی پ.د.ک و ی.ن.ک فیدرالیزم لەم قۆناغەدا بە باشترین چارەسەر دەزانن، پێویستبوو بە ڕاکشاوی جەخت لەسەر جۆری فیدرالیەکە بە سنور و دەسەڵاتەوە بکەنەوە، لە جیاتی پاڕانەوە و خولانەوە لەناو بازنەیەکی لێڵ و ناروونیدا پێویستبوو مانەوەی گەلی کوردستان لە ئەگەری دروستبوونی سیستەمێکی فیدرالیدا بە بڕیاردان لەسەر مافی چارەنوس کانونیانە ڕاکشاوانە ببەستنەوە، بیکەنە مەرج و کات بۆ سازکردنی پیادەی ئەو مافە دیار بکەن. کە ئەوە نەکراوە یا نەیانتوانی بیکەن ئەوان لە ئاستی ئەرکە نەتەوەییەکە نەبوون. چونکە مافی چارەنوس مافی بێئەملا و ئەولای گەلی کوردستانە. ترسان لە ناوهێنانی یا شاردنەوەی ئەو مافە، دوورکەوتنەوە لەم مافە یا دژایەتی ئەو مافە، جگەلەوەی ئاماژە بە لاوازی، بێبروایی، بێتوانایی و فاکتەری دیکە لەمبارەیەوە دەکات، ئاماژە بە هەوڵێک دەکات کە مەرج و سنور بۆ خواستەکانی گەلی کوردستان و گەیشتن پێیان دادەنێت، بەمشێوەیە چارەنوسی خەڵکی کوردستان بە ئارستەیەکدا دەبات، کە سەختە بتوانێ مسۆگەری ئاشتی و چارەسەری درێژخایەن بکات.

دیارە ی.ن.ک و پ.د.ک ڕۆڵی گرنگیان لەوەدا گێڕاوە چەمکەکانی مافی چارەنوس و سەربەخۆیی ببنە تابوو و بەجۆرێ لە جۆرەکان وەکو تاوان سەیریان بکرێت، ئەو دیاردە نەرێنییە چ لە ئاستی کوردستان و ناوچەکەدا چ لە ئاستی جیهانیدا مۆرکی خۆی سەپاندووە. کە بەداخەوە زیانی بۆ ڕەوایی سەربەخۆیی کورد هەبووە و وایکردووە بەرەی دژ بە سەربەخۆیی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەدا بەهێز بکات. هەروەها پرسیار بخاتە سەر هەموو ئەو پرسانەی کە دەیانەوێ لە ڕوانگەی ناسنامەیەکی سەربەخۆی کوردیەوە خۆیان دەربخەن. بەهەمان شێوە دڵسۆزی ئەو دوو پارتە بۆ بەرژەوەندیەکانی گەلی عەرەب و یەکێتی ئێراق یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە شێلگیرانە پێشگری لە هەڵوەشانەوە یا لەتبوونی ستاتی بەزۆر سەپێندراوی ئێراقدا دەکات. ئەوەش ناتەبایە لەگەڵ خواستەکانی گەلی کوردستان.

---

[i] Collinson, Stephen, “US Senate To vote On Iraq Division Plan”, *AFP*, Sep 25, 2007

[ii] رادیوی نەوا، پێنچشەمە، 27.09.2007

[iii] پەیامنێر، هەینی، 28.09.2007

[iv] سەرچاوەی 1.

ABDUL–ZAHRA, QASSIM, **“**Iraqi Leader Rejects Division of Nation”, *AP*, BAGHDAD Sep 28, 2007 [v]

Ytzen, Flemming , ”Finland er vært for hemmelige Irak–forhandlinger”, *Politiken*, 4. september 2007. [vi]